# رۆشناییەک بۆ سەر کاری شانۆیی لە شەقڵاوە



## بەشی دووەم


هەندرێن حەمەدەمین

Handren88@hotmail.com






http://roshenbiry.googlepages.com

کلیک کردنی ئەم لینکە و چوونە ناو بەشی شانۆ ئاسانکاری بۆ خوێنەر ئەکات، چونکە لەوێدا ئەتوانێت دوو شانۆگەری ببینێت کە لە بەرهەمی تیپی شانۆی یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوەن یەکێکیان لە ژێر ناونیشانی ئەسمێلا ئەوەیتریان لە ژێر ناونیشانی نرخی ئازادی.

ئێمە لە بەشی یەکەمدا باسمان لەوە کرد کە چۆن شانۆ لە شەقڵاوەدا تەنها لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا نمایش کراوە و ئەم کارانەش لەلایەن خەلکانێکی ئارەزوومەندی شانۆوە بووە، بەڵام هەر دوای ئەم بۆنەیە یان ئەو ئاهەنگە پەرت و بڵاوە لە کەسەکان کەوتووە و نەیانتوانیوە برەو بە بەرەو پێش بردنی شانۆ بە شێوەیەک بدەن کە لە چوارچێوەی ئاهەنگ و بۆنە دەربازی بکەن و وەک تیپێک بەردەوام لە ئامادەکردنی کاری شانۆیی دابن، ئێمە لێرەدا کە باس لەو وەرچەرخانە شانۆیە ئەکەین لەسەر دەستی **تیپی شانۆی یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوە** نامانئەوێ بەراوردی بکەین بەو کارە شانۆیانەی کە لە شار و شارۆچکەکانیتری کوردستان لەسەر دەستی کەسانێکی ئەکادیمی و بە توانا هاتۆتە ئاراوە و توانیویانە سوود لەو خوێندنە بکەن کە ساڵانێک لە پەیمانگە یان کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکانیان کردوە، هەرچی ئەندامانی تیپی شانۆی یانەی رۆشەنبیری شەقڵاوەن هیچ کامێکیان لە بواری شانۆدا خوێندنی نەکردوە و بەلکو هەر بە شێوەی چاولێکردنەکەی پێش خۆی واتە بە شێوە ئارەزوومەندیەکەی لە ئاهەنگ و بۆنەوە دەستی پێکردووە.





ئەوەی کە لێرەدا جێگای باس و گرینگی پێدانە ئەوەیە کە ئەم کەسانە هەر زوو خۆیان کۆئەکاتەوە و تیپێک پێکدێنن بۆ ئەوەی بتوانن لە چوارچێوەی ئەوە دەربچن کە کارەکانیان وەکو ئەوانەی پێشتر هەر لە ئاهەنگ و بۆنەکان بێت، لەگەڵ ئەوەش کار بۆ ئەوە ئەکەن کە بەرهەمەکانیان زیاتر نزیکبکەنەوە لە کارە ئەکادیمیەکان و خۆیان لەو بابەتانە ئەدەن کە پێشتر تیپە شانۆیە ناسراو و ئەکادیمیەکان کاریان تیاداکردوە، لە هەمان کاتدا ئەم تیپە کار بۆ ئەوە ئەکات کە هەر خۆیان بتوانن دەقی شانۆیی بنووسنەوە و کاری دەرهێنانی وای بۆ بکەن کە لەلایەن بینەر هەست بەوە بکرێت کە ئەم کارە هەر وەک پێشتر بریتی نیە لە  خۆشکردن و رازاندنەوەی ئاهەنگ، بۆ ئەمەش پێویستی ئەکرد کە پرۆڤەیەکی زۆر بۆ هەر یەکێک لەم کارانە بکرێت و لە ناو پرۆڤەکردنەکەشدا بیرۆکەی نوێ لەلایەن ئەندامانی ئەم تیپە پێشکەش بکرێت و بتوانن بە سوود وەرگرتن لەو کارانەی کە لە شارەکانی تردا بینیویانە یان لە رێگای ئەو زانیاریانەی لە کەسانێکی شارەزای بواری شانۆ وەریانگرتووە یان بە خوێندنەوەی ئەو رەخنە و لێکۆلینەوانەی کە سەبارەت بە کاری شانۆیی لەلایەن شانۆکاراندا نووسراوە کارە شانۆیەکەی خۆیانیان پێ دەوڵەمەند بکەن.

ئەم تیپە توانی لەو ماوە کورتەی تەمەنیدا کە هەمان تەمەنی یانەی رۆشەنبیری شەقلاوەی هەبوو چەندین کاری جۆراوجۆر نمایش بکات و لە کارەکانیشیدا ئەم بەرەوپێش چوونە تەواو دیار بوو کە ببووە جێگای سەرنج راکێشانی خەلکێکی زۆر بۆ کاری شانۆیی و بۆ بینینی کارەکانیش، کە ئێمەش باس لە وەرچەرخان ئەکەین مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە تیپی شانۆی یانەی رۆشەنبیری بۆ یەکەم جار توانی چەندین کاری شانۆیی لە دەرەوەی بۆنە و ئاهەنگ نمایش بکات، واتە ئەم کارانە بریتی بوون تەنها لە شانۆ، لە هەمان کاتدا تواندرا خەلک فێری ئەوە بکرێت کە بۆ بینینی کاری شانۆیی تکیت بکرێت، واتە وەک پێشتر نەبوو کە لە ناو ئاهەنگێک کارێکی شانۆیی ببینێت، بەلکو دەبوایە پارە بدات وە بێت بۆ هۆڵی شانۆ تەنها بۆ بینینی شانۆ، لەسەرەتا پێمان وابوو زۆر سەرکەوتوو نەبین چونکە خەلک فێری ئەوە کرابوو کە لە چوارچێوەی ئاهەنگ و گۆرانی و هەڵپەرکێ و سەیرانکردندا نمایشێکی شانۆیی ببینێت، بەڵام زۆر بە خۆشحالیەوە تیپی شانۆی یانەی رۆشەنبیری شەقلاوە توانی هەر لە یەکەم کاریەوە زۆرترین بینەر لە خۆی کۆ بکاتەوە و چەندین رۆژ لەسەر یەکتر کارە شانۆیەکە نمایش بکرێت و خەلکیش بە لێشاو بۆی بێن و هیچ رۆژێک نەبوو کە لە هۆڵەکە جێگا بۆ هەموو بینەران ببێتەوە، ئەمەش بوو بە هاندەرێکی زۆر بۆ ئەوەی ئەم تیپە بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر کاری شانۆیی و وە بەردەوام لە هەولی ئەوە دابێت کە کاری سەرکوتووتر و نوێتر پێشکەش بکات ئەوەش خۆی لە خۆیدا بووە هۆی بەرەوپێش چوونی ئاستی کاری شانۆیی لەلایەن ئەم تیپە، دیارە من مەبەستم ئەوە نیە کە

بڵێم تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە توانی بگاتە ئاستێک کە ئەوە دوا ویست و هەوڵی ئەندامانی ئەو تیپە بووبێت، بەڵام بەداخەوە داخستنی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە مەرگی ئەم تیپەشی بە خۆوەگرت و نەتواندرا بەردەوام بێت بۆ هێنانەدی ئەو خەونانەی بۆ کاری شانۆیی لەلایەن ئەندامانی تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە هەبوو، لە ڕاستیدا کارەکانی ئەم تیپە پێویستە بۆ نەوەی نوێی شاری شەقڵاوە زیاتر بخرێتە ڕوو تابتواندرێت بە سوود وەرگرتن لە کارەکانی تیپی شانۆی یانە جارێکیتر کاری شانۆیی لە شەقڵاوە ببووژێندرێتەوە، بۆ ئەمەش من لەلای خۆم لە هەوڵی ئەوە ئەبم کە ئەوەی زانیاریە لە بارەی چۆنیەتی کارەکانی ئەو چەند ساڵەی تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە هەیە بیخەمە بەر چاوی ئارەزوومەندانی شانۆ لە شەقڵاوە و تا بتوانم هاوکاریان بم بۆ دامەزراندنی تیپێکی شانۆیی و جارێکیتر گەڕاندنەوەی کاری شانۆیی بۆ شەقڵاوە، لە هەمان کاتدا لێرەوە بانگەواز بۆ هاوکارانم ئەکەم کە بتوانن ئەوانیش بە نووسینەوەی یاداشت و چۆنیەتی ئامادە و نمایش کردنی کارەکانمان لەو کات بنەمایەک بۆ کاری شانۆیی لە ئەمڕۆی شەقڵاوە دابمەزرێنن، لە هەمووشی بەلامەوە گرینگتر ئەوەیە کە داوا لە ئارەزوومەندانی شانۆیی بکەم کە بچن لە هونەرە جوانەکان بخوێنن بە تایبەت لە بەشی شانۆ.




یەکێک لە کارە هەرە گرینگەکانی تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە دامەزراندنی **تیپی شانۆی منداڵانی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە** بوو، بۆ ئەمەش تواندرا چەندین منداڵی بە توانا و ئارەزوومەندی کاری شانۆیی کۆبکرێنەوە و یەکەم کاری منداڵان لە شەقڵاوە بە مانای شانۆی منداڵان نمایش بکرێت، بەڵام بەداخەوە نەمانی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە هەر لە ناوچوونی کتێبخانە و کۆڕ و سیمینار و کردنەوەی پیشەنگا و کار و چالاکیەکانیتری نەبوو بەلکو هەر دوو تیپی شانۆیش لەناو چوون،شایەنی باسە توانیمان بە هاندانی ئەو منداڵانەی کە ئارەزووی شانۆیان هەبوو و بەشداری کاری شانۆییان ئەکرد هانیان بدەین بۆ ئەوەی بچن بۆ هونەرە جوانەکان و لەوێوە خوێندنێکی ئەکادیمیانە بکەن، تا ئەو کاتەی من ئاگادارم یەکێک لەو منداڵانە گۆڤەند سلێمان قادر بوو، هیوادارم کە تا ئێستا بەردەوام بێت و توانیبێتی زانیاریەکی ئەکادیمیانەی باش لەبارەی شانۆ پەدابکات و ڕۆژێک لە ڕۆژان خزمەتی کاری شانۆیی لە شەقڵاوە پێبکات.

لە کۆتایی هیوادارم کە ئەم دوو بەشەی نووسین ڕۆشنایەکیان خستبێتە سەر کاری شانۆیی لە شەقڵاوە و بتواندرێت کەسانیتریش ئەو لایەنانە روناک بکەنەوە کە من لێی بێئاگام یان نەمتوانیوە لە ناو ئەم نووسینە جێگای بۆ بکەمەوە، بەداوای لێبووردن لە تیپی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە کە لێرەدا نەمتوانی زۆر بە ووردی خوێندنەوە بۆ کارەکانی بکەم هیوادارم لە داهاتوودا بتوانم بە پێی ماندوو بوون و خزمەتەکانی تیپی شانۆی یانەی ڕۆشەنبیری شەقڵاوە خوێندنەوەی بۆ بکەم و نەوەی نوێ بە کارەکانی ئاشنا بکەم.

**٢٣ی ٣ی ٢٠٠٨**